## وەزارەتی پلان دانان/ دەستەی ئاماری هەرێم

# لاپەڕەی راستییەکان

## دەرەنجامە سەرەتاییەکانی رووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر MICS4 2011

ئامادەکردنی

سامان عبدالرزاق أحمد شوان عباس خضر

بەشی ئامارەکانی پەروەردە و کۆمەڵایەتی

## چاودێریکردنی ڕەوشی ئافرەتان و منداڵان

ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر لە ساڵی 2011 لەلایەن دەستەی ئاماری هەرێم (KRSO) و دەزگای ناوەندی ئامار (CSO) ئەنجامدرا. کاروباری هونەری پاڵپشتی کرا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان (UNICEF) دەستەبەرکرا.

MICS ڕووپێوێکی خێزانی جیهانییە و لەلایەن UNICEF هاتۆتەکایەوە. MICSی عیراق بەردەوام بوو وەکو بەشێك لە خولی چوارەمی جیهانی ڕووپێوی MICS (MICS4). MICS تازەترین و نوێترین زانیاری بەردەست دەکات دەربارەی هەلومەرجی منداڵان و ئافرەتان و هەروەها نیشاندەرە بنەرەتیەکان پێوانەدەکات تاوەکو وولاتان بتوانن چاودێری پرۆسەی ئاراستەکردن بەرەو ئامانجەکانی هەزارەی سێیەم (MDGs). کاری مەیدانی لە 13 شوباتی 2011 تاوەکو 18ی ئاداری2011ی خایاند. هاوکاری سەرەکی کاری مەیدانی بەیارمەتی کارمەندانی وەزارەتی تەندروستی بەڕێوەچوو.

### ئامانجەکانی ڕووپێو

ئامانجە سەرەکیەکانی ڕووپێوی هێشووی فرەنیشاندەر کەوا ئەنجامدرا لە هەرێمی کوردستان بریتین لە:

- دەستەبەرکردنی زانیاری نوێ و پێویست دەربارەی ڕەوشی منداڵان و ئافرەتان.
- پێدانی داتای پێویست بۆ بەدواداچوونی بەرەوپێشچوونی ئەنجامدراو بۆ بەدەستگەیاندنی ئامانجەکانی هەزارەی دیاریکراو لە ڕاگەیاندنی هەزارە. هەروەها ئامانجەکانی تری ڕێککەوتن لەسەرکراوی نێودەوڵەتی، وەکو بنەمایەك بۆ کاری دوارۆژ.
- بەشداربوون بۆ چاکردنی داتاکان و سیستەمانی چاودێریکردن لە هەرێم، بۆ بەهێزکردنی شارەزایی هونەری لەبواری دیزاینکردنی ئەم سیستەمانەو جێبەجێکردنیان و شیکردنەوەیان.
- ئامادەکردن داتکانی تایبەت بە ڕەوشی منداڵان وئافرەتان، لەمیانەی ئەمانەوە دیاریکردنی گروپەکانی لاواز(نزیکی مەترسیدارین)، وە دیاریکردنی جیاوازییەکان بۆ دەوڵەمەندکردنی سیاسەتەکان و هاتنەناوەکان.

**دیزانكردنی نمونە**

دیزاینكردنی نمونەی رووپێوی MICS4 ئەنجامدرا بۆ (3658) هێشوو (بوار) كە (36580) خێزانە لە هەموو عێراق و (1023) هێشوو بۆ (10230) خێزان لە هەرێمی كوردستان و كەوا دە خێزان بۆ هەر بوارێك، كەوا بە لەچاوگرتنی ئاستی نشێوەری كردنی نمونە بۆ كۆمەڵگای هەر قەزایەك بە ئاستێكی پەسندكراو لە هەڵەكان، دەستەبەركردنی نیشاندەرەكان بە ئاستێكی نزمی هەڵەكان لەسەر ئاستی پارێزگاكان و نیشاندەری زۆر وورد لەسەر ئاستی هەرێم و عیراقدا و هەردوو ژینگەی شارنشین و گوندنشین.

| خشتەی 1. قەبارەی نمونە و رێژەی وەڵامدانەوە | | |
|---|---|---|
| | ژمارەی تەواوكراو | رێژەی وەڵامدانەوە |
| پرسیارنامەی خێزان | 9761 | 99.5 |
| پرسیارنامەی ئافرەتانی تەمەن (15–49) | 13422 | 94.7 |
| پرسیارنامەی مندالانی خوارووی تەمەن پێنج ساڵ | 6829 | 98.2 |

گروپی ئامانج كە بریتیبوون لە خێزانەكان و ئافرەتانی تەمەن (15–49) ساڵی و منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی لە ناو خێزانەكاندا، زانیارییەكانی دیموگرافی و پەروەردەیی و تەندروستی دەربارەیان كۆكراونەتەوە بەپێی مۆدوڵی تایبەت بە هەر بابەتێك بۆ دەستەبەركردنی نیشاندەرەكان. هەروەها پرسیاركراوە دەربارەی هەڵوێست و كردارەكانیان دەربارەی زۆر بابەتی گرنگی كە ئەم سەردەمە پلەیەكی تایبەتی بۆ تەرخانكردوون، لەوانە مردنی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی ، فێركردنیان هەروەها پەروەردە و فێركردنی منداڵانی 0–14 ساڵی و كۆنترۆلكردنی رەوشتیان و كاركردنی منداڵانی تەمەن (2–14 ) ساڵی. هەروەها بابەتە گرنگەكانی تەندروستی وتەندروستی زاوزێكردن و هەڵوێستی ئافرەتان بۆ توندو تیژی ناوخێزان و زانیارییەكانی HIV/AIDS و شوێنەكانی پشكنینیان و بابەتی گرنگی خەتەنەكردنی مێیەكان، ئەمانە هەموو پرسیاركراون و زانیارییەكان لەسەركۆكراونەتەوە لەرێگای چاوپێكەوتنی راستەوخۆی ئافرەتانی تەمەن (15–49) ساڵی.

**گرنگترین دەرەنجامەكان هەریەك بەپێی بابەتی خۆی لەمانەی خوارەوە كورتكراونەتەوە:**

## مردنی منداڵ

- لە هەرێمی كوردستان رێژەی مردنی منداڵانی كۆرپە (ساوا خوار تەمەن یەك ساڵی) بریتیە لە 28 بۆ هەر 1000 لەدایكبووی زیندوو و رێژەی مردنی منداڵانی خواروو تەمەن پێنج ساڵی بریتیە لە 32 بۆ هەر 1000 لەدایكبووی زیندوو. ئەم ئەنجامانە لەسەر هەمان هێڵە خەمڵێنرابوون بۆ مردنی منداڵان لە رووپێوی پێشووی MICSدا كە لە ساڵی 2006 ئەنجامدرابوو. لەگەڵ ئەوەی ئەم دەركەوتانەی ئێستا ئاماژە بە پێشكەوتنێك لە هەلومەرجەكە دەدات.بەڵام پێوستە دیاری بكەین كە 88 لەسەدا مردنی منداڵانی خواررووی پێنج ساڵ منداڵی ساوان.كاتێ كەسەیری رێژەكان بكەین لەسەرئاستی بەشەكانی هەرێم بەرێژەیەك بەرزترە لە ناوچە گوندنشینەكان، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگاكان جۆرێك لە ناهاوسەنگی بەدی دەكرێت و بۆ نمونە كە دهۆك و هەولێر هاوسەنگن لە نزیكی رێژەكانیان، سلێمانیش رێژەیەكی كەمتری لە مردنی منداڵانی تەمەن خواروو پێنج ساڵ و كۆرپەكان تۆماركردووە.
- بەبەراوردكردنی ئەم خەملاندنانە لەگەڵ ناوچەكانی تری عیراق . جیاوازییەكی زۆر بەدی دەكرێت.كە گۆڕانكارییەكی گەورە لە هەرێم پیشاندەدات وە رێژەكەی لە 74 بۆ 32 بۆ هەر هەزار لەدایك بووی زیندووی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی بە بەراورد لەگەڵ ناوچەكانی تری عیراق كە لە 47 بۆ 38 بۆ هەر 1000 لەدایكبووی زیندووی منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵی لەساڵانی 1988 تاوەكو 2008.

خەملاندن و پێشبینیەکانی مردنی منداڵانی خوارتەمەن پێنج ساڵی، هەرێمی کوردستان




## رەوشی خۆراك

- داتاکان دەردەخەن کەوا منداڵی تەمەن خوار پێنج ساڵی لە هەرێمی کوردستان دەناڵێنی بەدەست کەم کێشی نزیکەی %7 ، هەروەها ٪5 کەم کێشی توندیان تووشبووە. هەروەها نزیکەی ٪15 منداڵانی ئەم تەمەنە تووشی کورتەباڵایی هاتوون، نزیکەی 6% منداڵانیان هاوتەمەن تووشی کورتەباڵایی توند هاتوون. دەرەنجامەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەوا لاوازی تووشی نزیکەی ٪5 ی منداڵانی ئەم تەمەن هاتووە، لەمانە نزیکەی ٪3 تووشی لاوازی توند هاتوون.هەروەها دەرکەوتووە کەوا نزیکەی ٪8 منداڵان تووشی زێدەڕۆیی لە کێش هاتوون واتە لەهەر 10 منداڵ منداڵێك.
- بەگشتی لەهەرێمی کوردستان نزیکەی ٪93 ی منداڵان لەماوەی منداڵیان شیرپێدانی سروشتیان وەرگرتووە و جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدەرنەکەوتووە لەم کردارە لە نێوان پارێزگاکان و شارنشینەکان و گوندنشینەکاندا تەنها بە بڕێکی کەم نەبێت گوندنشینەکان زیاتر هەڵدەستن بەم کردارە بە رێژەی ٪93 ، هەروەها تایبەتمەندییەکانی ئاستی زانستی و خۆشگوزەرانیش کاری نەکردۆتە سەرئەم بابەتە. ناوەراست و باشووری عیراق لەگەڵ ئەوەی نیشاندەرەکانی شیرپێدانی سروشتیان بەبەراورد لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دۆخێکی باشتری هەیە، بەڵام لە ئەنجامدا کار نەکردۆتە سەر پێوەرەکانی درێژی باڵا و کێشی منداڵان. شێوەی خوارەوە نیشاندەرەکانی رەوشی خۆراك دەخاتەروو.



# تەندروستی منداڵ

## کێشسووکی منداڵان

- لەبەر ئەوەی زۆربەی منداڵان لە کاتی لەدایکبووندا ناکێشرێن و ئەوانەش کە دەکێشرێن لەوانەیە نەبنە نموونەیەکی ڕاست و دروست بۆ سەرجەم لەدایکبووان، هەر بۆیەش ناکرێ پشت بەو کێشانەی لە دامەزراوە تەندروستییەکان تۆمارکراون ببەسترێ لە کاتی خەملاندنی ڕێژەی بلاوبوونەوەی کێشسووکی لەدایکبووان. لەبەر ئەوە ڕێژەی سەدی ئەو منداڵانەی لە کاتی لەدایکبووندا کێشیان لە 2,500 گرام کەمتر بووە، لە ڕێگەی دوو پرسیاری نێو ڕاوەرگرتن وەرگیراوە کە بریتین لە: خەملاندنی دایك بۆ قەبارەی منداڵەکە لە کاتی لەدایکبووندا (بۆ نموونە: زۆر بچووك بوو، لە شێوەی ئاسایی بچووکتر بوو، ئاسایی بوو، لە شێوەی ئاسایی گەورەتر بوو، زۆر گەورە بوو) بەپێی ئەوەی دایك لەبیری ماوە یان بەپێی ئەو کێشەی لە کارتی تەندروستی منداڵەکە تۆمارکراوە، ئەگەر منداڵەکە لە کاتی لەدایکبووندا کێشرابێت. بە گشتی 66 لەسەدای منداڵان لەکاتی لەدایکبوون کێشراون. نزیکەی 11 لە سەدای ئەمانەش لە 2,500 گرام کەمتربوون. داتاکات جیاوازییەکانی نێوان پارێزگاکان نیشاندەدات کە بەرزترینیان دهۆکە بە 15 لەسەدا و دواتر بە 10 لەسەدا هەولێر و سلێمانیش بە 10 لەسەدا منداڵەکانیان لەکاتی لەدایکبوون کێشیان سووکە. فاکتەری خۆشگوزەرانی دەرکەوت کاریگەری ئەوتۆی نەبووە لەسەر ئەم ڕێژەیە هەروەها دانیشتوانی شار و گوند. هەروەها هەرێمی کوردستان دوخەکی باشتری هەیە لەم بوارەدا بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکاتی تری عیراق بۆ کێشانی ڕێژەیەکی گەورەتری منداڵان و هەروەها کەمبوونەوەی کێشسووکی منداڵانی تازە لەدایکبوو. بڕوانە شێوەی خوارەوە:



## کوتانەکان:

- گرنگی کوتانەکان بەوە دەردەکەوێت کەوا چوارەمین ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارەیە MDG’s. نزیکەی 97 لە سەدای منداڵانی تەمەن 12–23 مانگی کوتانی BCG یان لە تەمەنی 12 مانگی وەرگرتووەو یەکەم چۆری DPT یش دراوە بە 92 لە سەدای منداڵان. ئەو ڕێژەیە لە دووەم چۆری DPT کەم دەبێتەوە بۆ 85 لە سەدا و لە سێیەم چۆڕیشدا ڕێژەکە زیاتر دادەبەزێت و دەگاتە 74 لە سەدا. بە هەمان شێوە، 93 لە سەدای منداڵان یەکەم چۆری ئیفلیجی منداڵیان وەرگرتووە لە تەمەنی 12 مانگیدا و پاشان ڕێژەکە بۆ 77 لە سەدا دابەزیوە لە چۆری سێیەمدا. هەروەها 94 لە سەدای منداڵان یەکەم چۆری هەوکردنی جگەر وەرگرتووە، بەڵام دواتر دابەزیوە بۆ 72 لە سەدا کە منداڵان لە تەمەنی 12 مانگیدا چۆری سێیەمیان وەرگرتووە. بەگوێرەی کارت و ڕاسپاردەی دایك 13 لە سەدای منداڵان لە یەکەم یادی لەدایکبوونی منداڵەکە و 75 لەسەدا لە تەمەنی 12 مانگیدا ماکوتەی سوورێژە یان MEASLES یان وەرگرتووە. بەم جۆرە ڕێژەی گشتی پێدانی گشت جۆرەکانی کوتان دادەبەزێت بۆ تەنها 64 لەسەدا.
- هەروەها پاراستنی دایك لەکاتی سکپڕی لە نەخۆشی دەردەکۆپان دەرکەوتووە کەوا نزیکەی نیوەی ئافرەتان لەکاتی سکپڕیدا ئەم کوتانەیان وەرگرتووە.
- هەرێمی کوردستان بەگشتی ڕەوشی کوتانەکانی بەرێژەیەك چاکترە لە ناوچەکانی تری عیراق هەروەکو لەم شێوەی خوارەوەدا دەرکەوتووە.






## چاودێریکردنی نەخۆشی منداڵان:

- سکچوون نەخۆشییەکی هۆی ووشکبوونی منداڵان و مردنیانە ئەگەر هاتوو چارەسەرنەکرێت. بە گشتی، 9 لە سەدای منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵ لە دوو هەفتەی پێش ڕوووپێوەکە نەخۆشی سکچوونیان هەبووە. بەرزترین ڕێژەی بڵاوبوونەوەی سکچوون لەنێو منداڵانی تەمەن 0–11 مانگی بەدەرکەوتووە. نزیکەی یەك لە سێی منداڵان واتە 38 لە سەدا، خوێ ی/ گیراوەی چارەسەرکردنی وشکبوون (ORS (بۆ نموونە (ORT یان وەرگرتووە لەو ماوەیەی تووشی سکچوون هاتوون. ئەم ڕێژەیە بەپێی ڕەگەز و ناوچەی نیشتەجێبوون جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت سلێمانی بەرزترین ڕێژە تۆمار دەکات کە بریتی یە 44 لەسەدا وە دهۆك 39 لەسەدا هەولێر 31 لەسەدا تۆمار دەکەن. منداڵانی تەمەن 12–23 مانگی بەرزترین ڕێژە لە بەکارهێنانی خوێ ی چارەسەرکردنی وشکبوون ORS تۆمار دەکەن بە 43 لەسەدا. بەپێی پلەی خوێندەواری دایکان جیاوازی لە ڕێژەکاندا هەیە و ئەو منداڵانەی دایکیان قۆناغی دواناوەندی یان سەرووتریان تەواوکردووە، کەمترین ڕێژەیان لە چارەسەرکردنی وشکبوونەوە بەرێژەی 29 لەسەدا.
- هەروەها هەوکردنی سییەکان و پێدانی دژە زیندەگییەکان یەکێکە لە دیاردەکانی جیهانی کەوا پێویستە بەردەوام چاودێری نیشاندەرەکانی بکرێت، ڕێژەی بڵاوبوونەوەی هەوکردنی سی لە منداڵانی تەمەن 0–59 مانگی ئەوانەی گومانی تووشبوونیان لێ کراوە لە ماوەی دوو هەفتەی پێش ڕوووپێوەکە، لەگەڵ چاودێری تەندروستی و بەکارهێنانی دژە زیندەکان بۆ چارەسەرکردنی هەوکردنی سی بەپێی ڕەگەز، تەمەن، ناوچەی نیشتەجێبوون، پارێزگا و پلەی خوێندەواری دایك دەخاتە بەرچاو. 18 لە سەدای منداڵان ئەوانەی ڕوووپێوکراون، گومانیان لێ کراوە تووشی هەوکردنی سی بووبن. بە گشتی، ڕێژەیەکی بەرز کە دەگاتە 61 لە سەدای منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵ، ئەوانەی گومانی تووشبوون بە هەوکردنی سییان لێ کراوە، بەهۆی بەکارهێنانی دژە زیندەکان چارەسەرییان وەرگرتووە لە ماوەی دوو هەفتە پێش سازدانی ڕوووپێوەکە. لەم ڕووەوە، هەردوو پارێزگاکانی دهۆك و هەولێر ڕێژەکانیان زۆر بەرزترە لەوەی سلێمانی، هەولێر 72 لەسەدا ، دهۆك 64 لەسەدا ، سلێمانی تەنها 52 لەسەدا تۆمار دەکات. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لەنێو منداڵانی تەمەن 36-47 مانگی زۆرترینیانە و بە ڕێژەی 65 لە سەدا منداڵانی تەمەن 48–59 مانگ کەمترینیانە کە 56 لەسەدا تۆمارکراوە.
- بەراوردکردنی دۆخی هەرێم لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق دەرکەوتووە خەڵکی هەرێم زیاتر پەرە بە منداڵەکانیان دەدەن کاتێ کەوا دووچاری نەخۆشییەکان دەبن بە تایبەتی ئەوانەی تووشی سکچوون یان گومانی هەوکردنی سییەکان دەبن. بڕوانە شێوەی خوارەوە.



# ئاو و ئاوەڕۆی تەندروستیانە

- ئاوی پاکی خواردنەوە سەرەکیترین پێداویستییە بۆ تەندروستی باش و یەکێکیشە لە مافەکانی مرۆڤ. ئاوی خواردنەوەی ناساز بۆی هەیە ببێتە هەڵگری نەخۆشی وەك كۆلێرا و تیفۆئید و نەخۆشییە سکچوونەکانی وەك ئەمیبا و زەحیری. هەندێ جار ئاوی خواردنەوە بە ماددە پیسکەرەکانی کیمیایی و فیزیایی و تیشکییەکان پیس دەبێت کە کاریگەری زۆر خراپیان لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت. وێڕای کاریگەرییەکانی بۆ سەر تەندروستی مرۆڤ، پەیداکردنی ئاوی خواردنەوە ڕەنگە بایەخێکی تایبەتی بۆ ژنان و منداڵان هەبێ بە تایبەتیش لە ناوچە دێهاتییەکاندا کە ئەرکی هێنانی ئاویان لە ئەستۆدایە و زۆرجاریش سەرچاوەی ئاو لە شوێنی دوورەوەیە.
- ڕزگاربوونی ناتەندروست لە پاشەڕۆی مرۆڤ و پیس و پاکژی کەسی پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە چەندان نەخۆشی، بە تایبەتیش نەخۆشییە سکچوونییەکان و ئیفلیجی منداڵان. شێوازە تەندروستییە چاککراوەکان بریتین لە: ئاودەستی بەستراو بە تۆڕی ئاوەڕۆ یان تانکی پاککردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆ یان ئاودەستی بەستراو بە چاڵێکی هەڵکەنراو، ئاودەستی هەوا گۆڕی چاککراو، ئاودەستی شێوە چاڵی سەر داپۆشراو، ئاودەستی بەکاردێت بۆ کیمیاکردنی باخ و زەوی و زار.
- بەگشتی 97 لەسەدای خەڵکی هەرێمی کوردستان  سەرچاوەیەکی چاککراوی ئاو بەکاردەهێنن، نزیکەی 79 لەسەدا سەرچاوە چاککراوەکە گواستراوەتە ناو ماڵ یاخود گۆڕەپان (حەوشە)، هەروەها 5 لەسەدای ئەم سەرچاوانە بیری پارێزراون، لەلایەکی ترەوە کە خۆیگرتووە لە سەرچاوە نەپارێزراوەکان واتە چاکنەکراوەکانی ئاو، سەرچاوەی تانکەر نیوەی ئەوانی ترە بە ڕێژەی 2 لەسەدا  و بیری نەپارێزراو و ئەوانی تر نیوەکەی تر پێك دەهێنن.
- بە گشتی، 98 لە سەدای دانیشتووانی هەرێمی کوردستان شێوازی تەندروستییانەی چاککراو بۆئاوەڕۆ لەنێو ماڵەکانیان بەکاردێنن، لەمانەش 38 لە سەداش ئاودەستی بەستراو بە تۆڕی ئاوەڕۆ و 29 لەسەداش بیری هەڵکەندراو یان سابتی تەنك.  ڕێژەی سەدی ئەو خێزانانەی شێوازی تەندروستییانەی چاککراو بەکاردێنن لە ناوچە شارییەکاندا دەگاتە 47 لە سەدا و لە ناوچە دێهاتییەکانیش دەگاتە 4 لە سەدا.هەروەها بەگشتی بەکارهێنانی شێوازێکی چاککراو بۆ ئاوەڕۆ ڕێژەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی نیە  لەنێوان ناوچەکانی شارنشین و گوندنشین و پارێزگا و نیشاندەری خۆشگوزەرانی.
- ناوچەکانی تری عیراق سەرچاوەکانی چاککراوی ئاوی پاکیان کەمە و بۆیە زیاتر ڕێگە چارەی تر دەگرنە بەر بۆ چارەسەرکردن، نیشاندەرەکانی بواری ئاو و ئاوەڕۆ گەشەی بنەماکانی ژێرخانەکانی ئابووری و تەندروستی هەرێم دەخاتە ڕوو دوای ئەوەی بێبەش کرابوون لەم بوارانە هەر لەسەرەتای هەشتاکانەوە. بڕوانە شێوەی خوارەوە.



# تەندروستی زاوزێکردن

## پیتاندن

یەکێك لە نیشاندەرە هەرە سەرەکیەکانی تەندروستی دایك و مندالٌ رێژەی پیتاندنە لە نێوانە ئافرەتاندا، رووپێوی MIC-4 بەشێکی تایبەتی هەیە کەوا پرسیار لەئافرەتانی تەمەن(15–49) ئەوانەی لەژیانیاندا شوویان کردووە دەربارەی ئەو مندالە زیندووانەی بوویانە. بەگشتی هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی باشی بەخۆوە بینیوە لەبواری رێکخستنی خێزان و ماوەکانی سکپڕبوون، بەبەراورد لەگەلٌ ناوچەکانی تری عیراق کوردستان دووبارە لەگەلٌ پێشبینیەکانی شارەزایانی جیهانیەوەیە. بروانە شێوەی خوارەوە:

**خەملاندن و پێشبینیەکانی کۆی رادەی پیتاندن بەگەرانەوە بۆ دە سالٌ پێشتر، هەرێمی کوردستان ، ناوچەکانی تری عیراق**




- رووپێوی MICS بەشی پیتاندن ئاماژەیە بۆ ژمارەی ئەو مندالانەی کە بە زیندوویی لەدایکبوون. پێوانی ئاست و جیاکەرەکانی سکپڕی ئامانجێکی گرنگی رووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر–خوولی چوارەم (MICS4) بووە. رووپێوەکانی رابردوو دەریانخستووە کە ئاستی سکپڕی بەرەو کەمبوونە. ئەژمارکردنی ئەم رێژەیە بەگەرانەوەیە بۆ سێ سالی بەر لە رووپێو. بەگشتی لەهەرێمی کوردستان ئێستا هەر ژنێك بە رادەی 3.3 مندالی دەبێت کە جیاوازی هەیە لە نێوان شارەکان دهۆك بەرزترین رادەی پیتاندنی هەیە بە 4.3 بۆ هەرئافرەتێك ودواتر هەولێر لە 3.6 و کەمترینیان سلێمانی کە 2.5 بۆ هەر ئافرەتێك. بەلام لەناوچەکانی تری عیراق بریتیە لە 5 مندالٌ بۆ هەر ئافرەتێك. بروانە شێوەی داهاتوو:




## پیتاندنی زوو

- یەکێکی تر لە نیشاندەرە گرنگەکانی کە داکۆکی لەمافی ئافرەتان دەکات هەروەها هاوسەرگیری زوو دەخاتە روو ئەویش بوونی منداڵێکی زیندوو بەر لەتەمەنی 18 ساڵی، رووپێوی MICS ئەم دیاردەی بەهەند وەرگرتووە و لە میانەی هەمان بەشی لەدایکبووان توانرا رێژەی ئەو ئافرەتانەی تەمەن (20–24)ساڵ کەوا بەر لە تەمەنی 18 ساڵی منداڵێکی زیندوویان بووە دیاری بکرێت. هەرێمی کوردستان رێژەیەکی تۆمارکردووە بەرای شارەزایان لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق کە بریتیە لە 13 لەسەدا، زۆر جیاوازییەکی گەورە هەیە لەم بابەتە گرنگە کەوا هەرێمی کوردستان 6 لەسەدایە. بەگشتی هەموو فاکتەرەکانی ناوچە و پارێزگا و ئاستی خوێندن و خۆشگوزەرانی رۆلیان هەیە لەسەر دیاریکردنی رێژەی جیا جیا لەم بارەیەوە، شارنشینەکان بەرێژەی 6 لەسەدا و گوندنشینەکان 9 لەسەدا و هەولێر بەرزترین رێژەیە بە 7و دهۆك 5 و سلێمانی 6، هەروەها جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان پلەی خوێندەواری سەرۆك خێزانەکان، ئەوانەی بڕوانامەی سەرەتایین زۆرترین رێژەیان هەیە لەم بابەتە بە 12 لەسەدا و ئەوانەی دواناوەندی و بەسەرەوەیان هەیە رێژەکەیان زۆر کەمە کە 2 لەسەدایە، هەژارترین خێزانەکان رێژەکانیان دەگاتە 11 لەسەدا و کەچی دەوڵەمەندترین گروپەکان زۆر کەمتر دەگاتە 2 لەسەدا

## رێگرتن لەسکپڕی و پێداویستی دابین نەکراو

بەگشتی دەرکەوتووە کەوا فاکتەرەکانی تەمەنی ئافرەتان و بوونی ژمارەی منداڵ بووەتە هۆی جیاوازی گەورە لە رێژەی رێگەگرتنەکانی سکپڕی، لەکۆی 65 لەسەدای ئەوانەی رێگایەك بەکاردێنن بۆ رێگرتن لە سکپڕی، 6 لەسەدایان هیچ منداڵێکیان نییەن کەچی 77 لەسەدا 4 منداڵ و بەسەرەوەیان هەیە، ئەوانەی بڕوانامەیان نییە 59 لەسەدا پێکدەهێنن کەچی ئەوانەی دواناوەندی وبەسەرەوەیان هەیە 66 لەسەدایە، هەروەها تەمەنی ئافرەت کاریگەرەکاتی زۆرە لەسەر ئەم رێژانە، ئافرەتە تەمەن بچووکەکان 15-19 ساڵ کە رێژەکەیان 33 لەسەدا دەبێت کەچی ئافرەتانی تەمەن 35–39ساڵ رێژەکەیان بریتیە لە 75 لەسەدا و ئافرەتەکانی سنووری بێ هیوابوون لەسکپڕی تەمەن 45-49 ساڵ کەم دەبێتەوە بۆ 54 لەسەدا.

مەبەست لە پێداویستییە دابین نەکراوەکان: ئەو شێوازانەن کە بۆ سکپڕنەبوون لە لایەن ئەو ژنانە بەکاردێن کە توانای منداڵبوونیان هەیە و هیچ جۆرە شێوازێك بەکارناهێنن و حەزدەکەن سکپڕی پاشتریان دوابکەوێ واتە ماوەیەك هەبێ لە نێوان سکپڕبوونەکاندا، یان دەیانەوێ بە شێوەیەکی کۆتایی سکپڕی رابگرن. رووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر وا پێناسەی پێداویستییە دابین نەکراوەکان دەکات کە بریتین لە شێوازەکانی سکپڕنەبوون لە رێگەی خستنەڕووی کۆمەڵێك پرسیار بۆ دیارکردنی رەفتار و ئارەزووی پەیوەست بە بەکارهێنانی شێوازەکانی سکپڕنەبوون و توانای زاوزێ کردن و سکپڕی. رێژەی گشتی پێداویستییە دابین نەکراوەکان بۆ سکپڕنەبوون لە هەرێمی کوردستان 8.2 لە سەدایە، واتە 8 لە سەدای ژنانی خاوەن مێردی شێوازەکانی سکپڕنەبوون بەکار ناهێنن، بەلأم دەیانەوێ منداڵبوون رابگرن یان بەلای کەمەوە ماوەی دوو ساڵ بخەنە نێوان کاتەکانی سکپڕی. ،رێژەی گشتی ژنانی پێداویستییە دابین نەکراوەکان بۆ سکپڕنەبوون لە ناوچە دێهاتییەکان دەگاتە 10 لە سەدا و ئەمەش کەمێك زیاترە لە ناوچە شارییەکانی کە رێژەکەی 8 لە سەدایە. رێژەی گشتی ژنانی پێداویستییە دابین نەکراوەکان لە هەر سێ پارێزگاکان جیاوازی تێدا یە بەدی دەکرێت دهۆك بەرزترین رێژە تۆمار دەکات کە بریتی یە لە 11 لەسەدا وە سلێمانی بەرێژەی 9 لەسەدا هەولێر نزمترینیان تۆمار دەکات کە بریتی یە لە 6 لەسەدا. تەمەنی ئافرەتان رۆڵی هەیە بۆ ئەم بابەتە کەوا لەگروپی تەمەن 15-19دایە بە رێژەی 16لەسەدا و کەمترینیان لەگەورەترین گرووپە 44–49 بەرێژەی 5 لەسەدا، هەژارەکان بەرێژەی نزیکەی 11 لەسەدا و دەوڵەمەندەکان بەرێژەی 4 لەسەدا ئەم بابەتە پێکدەهێنن

راددەی منداڵبوون لەلایەن هەرزەکارانەوە یەکێکی ترە لە نیشاندەرەکانی زاوزێکردنی تەندروستیانە، 39 منداڵبوون تۆمارکراوە لە هەر 1000 ئافرەتی هەرزەکار. کەچی لە ناوچەکانی تری عیراق ئەم راددەیە زۆر بەرزترە دەگاتە 90.

شێوەی خوارەوە هەندێك لە نیشاندەرەکان دەخاتە روو کە جیاوازییەکانی هەرێمی کوردستان لەبواری تەندروستی زاوزێکردن نیشاندەدات لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق.




# تەندروستی دایکایەتی و کۆرپە تازە لەدایکبوو

## چاودێری لە ماوەی سکپڕیدا

ماوەی سکپڕی دەرفەتێکی گرنگە کە تێیدا ژنی سکپڕ جۆرەها چاودێری و گرنگی پێدان بکرێ کە ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕن لە تەندروستی و کامەرانی ژنەکە خۆی و کۆرپەکەی. لێتێگەیشتنێکی باشتر لە گەورەبوون و گەشەپێدانی کۆرپەڵە و پەیوەندی بە تەندروستی دایك وایکردووە بایەخێکی زیاتر بدرێت بە چاودێری دایك لە ماوەی سکپڕیدا بۆ ئەوەی هەم تەندروستی خۆی و هەم تەندروستی کۆرپە تازە لەدایکبووەکەی بەرەو باشی بچن. بۆ نموونە، ئەگەر لە ماوەی سکپڕیدا ژنان و خێزانەکانیان ئاگادار بکرێنەوە لەبارەی نیشانە ترسناکەکان و مەترسییەکانی کارکردن و منداڵبوون، ئەوا ڕەنگە ببێتە ڕێگە خۆشکردنێك بۆ ئەوەی ژنانی سکپڕ بە یارمەتی کادیری تەندروستی شارەزا منداڵیان ببێت.

ڕێژەی چاودێری دایکان لە ماوەی سکپڕیدا (لە لایەن پزیشك، پەرستار/ نەخۆشەوان، یان مامانێکی شارەزا و مۆڵەت پێدراو) لە هەرێمی کوردستان بەگشتی گەیشتۆتە 81 لەسەدا و ڕێژەکە جیاوازی هەیە بەپێی شارنشینەکان کە 87 لەسەدا یە و گوندنشینەکان 61 لەسەدا، هەروەها پارێزگای هەولێر کەمترین ڕێژەیە بە 72 لەسەدا و سلێمانی و دهۆك بە ڕێژەکانی 89 و 85 لەسەدا، دەوڵەمەندی ڕۆڵی هەبووە لەم بوارە و ڕێژەکەی بەرزترینە بە 93 لەسەداو هەژارەکان بەرێژەی 63 لەسەدا. جۆری چاودێرەکە گۆڕاوە بە ڕێژەی جیاجیا. دکتۆر لەکەرتی گشتی بەرێژەی 53 لەسەدایە و دکتۆر لەکەرتی تایبەت بریتیە لە 28 لەسەدا و تەنها 1 لەسەدا لەلایەن پەرستار و مامانی شارەزا چاودێریان وەرگرتووە.

## یارمەتی لەکاتی منداڵبووندا

- لەچاکترین نیشاندەرەکانی MICSبۆ کوردستان ئەژماردەکرێت کە یەکسانیەکی پەیدا کردووە لەنێوان کۆمەڵگادا، 89 لە سەدای منداڵبوونەکانی دوو ساڵ پێش سازدانی ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر-خولی چوارەم (MICS-4) لە بن دەست و بە چاودێری کادیری پزیشکی شارەزا ئەنجام دراون. ئەم ڕێژەیە لە ناوچە شارییەکاندا دەگاتە 90 لە سەدا و 86 لەسەدا لەگوندەکان، ئەمەش بەرزترە لە ڕێژەی ناوچە دێهاتییەکان کە دەگاتە 78 لە سەدا. جیاوازی گەورە لە شوێنی ئەم لەدایکبوونانە هەیە ، 98 لەسەدا و 97 لەسەدا ڕێژەی ئەو ئافرەتانە نیشاندەدات کە لەنەخۆشخانەکانی حکومی و تایبەت لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕ و شارەزا منداڵبوونیان ئەنجامدراون، کەچی 64 لەسەدای ئەم ئافرەتانەی لەماڵەوە منداڵیان بووە لە ژێر چاودێری کەسێکی شارەزابووە.
- تەنها 57 لەسەدای دکتۆرانی کەرتی حکومی چاودێری لەدایکبوونی منداڵەکان دەکەن و 10 لەسەدا لەکەرتی تایبەت، کەچی 22 لەسەدا ی منداڵبوونەکان پەرستار یاخود مامانەکان ئەنجامیانداوە، 3 لەسەدای ڕێژەی منداڵبوونەکانە بەکەسانی تری ناشارەزا وەکو خزم و هاوڕێ.

## منداڵبوون له دامەزراوەكانی تەندروستی

به گشتی، نزیكەی سێ لەچواری (85 له سەدا) منداڵبوونەكانی دوو ساڵی پێش ڕووپێوی هێشوویی فره نیشاندەر–خووڵی چوارەم (MICS-4) له دامەزراوەی تەندروستی ئەنجام دراون. 76 لەسەدای له دامەزراوەی حكومی و 9 لەسەدای له كەرتی تایبەت بووە، هەروەها 15 لەسەدای له ناو ماڵەكان ئەنجامدراون، بەگشتی ئەم ڕێژەیەش كه له ماڵەكان ئەنجامدەدرێن له ناوچه شارییەكاندا دەگاتە 11 له سەداو له ناوچه دێهاتییەكانیش دەگاتە 27 له سەدا. ژنانی پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان زیاتر حەزیان كردووە له دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان ببێت و بەرزترین ڕێژەش كه دەگاتە 92 له سەدا له پارێزگای دهۆك تۆماركراوە. بەڵام پارێزگای هەولێر كەمترین ڕێژە تۆمار دەكات كه دەگاتە 76 له سەدا و سلێمانیش ڕێژەكەی 89 لەسەدا. ڕێژەی منداڵبوون له دامەزراوەی تەندروستیدا بەپێی ئاستی خوێندواری ژنان زیادی كردووە، تەنیا 76 لەسەدای ژنانی نەخوێندەوار له دامەزراوەی تەندروستی منداڵیان بووە، به بەراورد لەگەڵ 86 له سەدای ژنانی دەرچووی قۆناغی سەرەتایی و 92 له سەدای ژنانی دەرچووی قۆناغی دواناوەندی و سەرووتر. دەوڵەمەندی وای كردووە زیاتر ژنان بگەنه دامەزراوه تەندروستیەكان به ڕێژەی 97 لەسەدا و هەژارترین گروپیش تەنها 71 لەسەدایان له دامەزراوی تەندروستی منداڵیان بووە.

## منداڵبوون به نەشتەرگەری قەیسەری

ڕووپێوی هێشوویی فرەنیشاندەر–خووڵی چوارەم (MICS-4) له هەرێمی كوردستان زانیاری دەربارەی ئەو منداڵانه كۆكردۆتەوە كه بەهۆی نەشتەرگەری قەیسەری له دایك بوون شێوەی RH.5b ئەوە نیشان دەدات كەنزیكەی یەك له چوار منداڵبوونەكانی دوو ساڵ پێش ڕووپێوەكە، بەهۆی نەشتەرگەری قەیسەری له دایك بوون. ژنانی ناوجەرگەی شارەكان زیاتر پەنا دەبەنه بەر منداڵبوون بەهۆی نەشتەرگەری قەیسەری به ڕێژەی 32 به بەراورد لەگەڵ ژنانی ناوچه شارییەكانی ترو ناوچه دێهاتییەكان بەرێژەی 16 لەسەدا. ڕێژەی منداڵبوون بەهۆی نەشتەرگەری قەیسەری بەپێی زیادبوونی پلەی خوێندەواری و تەمەنی دایك زیادی كردووە. هەر لەم ڕووەوە، له پارێزگای سلێمانی به ڕێژەی 37 لەسەدا و دواتر هەولێر 28 لەسەدا و 21 لەسەدا له دهۆك بووە. دەوڵەمەندەكان زۆرترین كەسن پەنادەبەنه بەر منداڵبوونی قەیسەری بەڕێژەی 43 لەسەدا و هەژارەكان بەرێژەی 16 لەسەدا.

بەگشتی هەموو نیشاندەرەكانی دایكایەتی و تەندروستی كۆرپەی تازه له دایكبوو پێشكەوتنێك و جیاوازییەكی بەرچاو هەیه دەربارەی پارێزگاكانی هەرێم و ناوچەكانی تری عیراق. بۆ ئەم مەبەسته بڕوانه ئەم شێوەی خوارەوە.



# گەشەکردنی منداڵ

بە تەواوی زانراوە کە گەشەکردنی خێرای هۆش لە ماوەی 3-4 ساڵی یەکەمی ژیان ڕوو دەدات و جۆری چاودێری منداڵ لە ماڵەوە دەستنیشانکردنی گەورەی گەشەکردنی منداڵە لەم ماوەیەی ژیانیدا. هەر بۆیە ئەو چالاکییانەی گەوران لەگەڵ منداڵان ئەنجامی دەدەن و هەبوونی کتێبی منداڵان لە ماڵ و شێوازەکانی چاودێری منداڵ، نیشاندەری گرنگن لە جۆری چاودێری منداڵ لە ماڵەوە. یەکێك لە ئامانجەکانی (جیهانێکی گونجاو بۆ منداڵان) بریتییە لە "پێویستە منداڵ خاوەن تەندروستییەکی جەستەیی باش و ئاگایی هۆشی و سۆزی پارێزراو و شیاوی کۆمەڵایەتی و ئامادەبوونی فێربوون بێت". لە ڕووپێوەکەدا، زانیاری دەربارەی کۆمەڵێك چالاکی کۆکراونەتەوە کە یارمەتی فێربوونی پێشوەخت دەدەن. ئەم چالاکییانەش ئەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە کەسانی گەورە لەگەڵ منداڵان بەشداری تێدا دەکەن:

خوێندنەوەی کتێب یان سەیرکردنی کتێبی وێنەدار، گێڕانەوەی چیرۆك، گۆرانی وتن، بردنی منداڵان بۆ پیاسەکردنی دەرەوەی ماڵ یان گەڕەك، یاری کردن لەگەڵ منداڵان، بەسەربردنی کات لەگەڵ منداڵان بە ناوهێنان و ژماردن و وێنەکێشان، یان لەبەرکردنی ئایەتی ئایینی.

لە ماوەی سێ ڕۆژی پێش ڕووپێوەکەدا، نیوە زیاتری منداڵانی تەمەن خوار پێنج ساڵ لە هەرێمی کوردستاندا کە ڕێژەیان دەگاتە 62 لە سەدا، لە لایەن گەورانەوە لە زیاتر لە چوار چالاکی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی فێربوون و ئامادەبوونی قوتابخانەیی بەشدارییان لەگەڵ کراوە. دایکانی خاوەن بڕوانامەی دواناوەندی و بەسەرەوە بەرێژەی 84 لەسەدا منداڵەکانیان لە چوار چالاکی و زیاتر بەشداریانکردووە کەچی  دایکانی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی بەرێژەی 63 لەسەدا و دایکانی بێبڕوانامە بەرێژەی 44 لەسەدا بۆ چوارچالاکی و زیاتر منداڵەکانیان بەشداری پێدەکەن. منداڵی دەوڵەمەندەکانیش بەرێژەی 86 لەسەدا و هەژارەکانیش بەرێژەی 47 لەسەدا. بۆ هەمان مەبەست منداڵانی شارنشین ڕێژەکیان دەگاتە 68 لەسەدا و جیاوازی هەیە لەگەڵ گوندنشینەکان کە 44 لەسەدا، منداڵانی هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەم بارەیەوە بەرزترینیان پارێزگای دهۆك و هەولێرە بە ڕێژەی 63 لەسەدا و سلێمانی 61 لەسەدایە. ڕەگەزی منداڵیش لەم بارەیەوە جیاوازی پێوەدیارنییە چونکە  هەردوو ڕەگەز 62 لەسەدای ئەم ڕێژەیەن.

هەرێمی کوردستان جیاوازی پێوەدیارە لەم بارەیەوە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق. هەروەک لەم شێوەیەدا دەرکەوتووە، فەرهەنگی نیشاندەرەکانی پەرەپێدانی زووی منداڵی نیشاندەرە گرنگەکانی گەشەکردنی منداڵانە هەرێمی کوردستان پێشەنگە لەم بوارە بەرێژەی 79 لەسەدا و ناوەراست وباشووری عیراق ڕێژەکەیان دەگاتە 69 لەسەدا.



# زانینی خوێندن و نووسین و فێرکردن

## خوێندن و نوسین لە نێوان گەنجان و هەرزەکاراندا:

**خوێندەواری لە کوردستان بەرەو چاکبوونێکی گەورەدایە بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق، ئەویش بەزانینی ڕێژەی خوێندەواری لە نێوان گەنجان وهەرزەکاران تەمەن 15–24 ، هەروەها تێڕوانینی هەمان ڕێژەی خوێندەواری بکەی لە نێوان هەموو تەمەنی ئافرەتانی شیاو 15–49 ساڵ. ئەوەی لەهەرێمی کوردستان بەدیکراوە ئەوەیە گروپی ئافرەتانی گەنج لە کوردستان 78 لەسەدایان خوێندەوارن و ئافرەتانی گەنج و گەورە بەیەکەوە 59 لەسەدایان خوێندەوارن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئافرەتانی دوارۆژ گروپێکی ڕۆشنبیر و چاوروونتر لە کوردستان مەزندە دەکرێ ، هەروەها ئەوە دەسەلمێنێ کەوا ئەم توێژە لە نەوەکانی پێشوو چەند بێ مافکراون لە خوێندن ونوسین، کەچی لەناوچەکانی تری عیراق هەردوو توێژەی گەنج و گەورە لەیەك ئاستدان و بەرەوپێشچوونی پێوە دیارنییە ڕێژەکانیان نزیکەی 68 لەسەدایە. هەروەکو لەشێوەی خوارەوە دیاریکراوە.**




## خوێندنی پێش قوتابخانە وئامادەبوون بۆ چوونە قوتابخانە

**دەوامکردن لە قۆناغی خوێندنی پێش قوتابخانەدا کە بەرنامە و پرۆگرامی باشی هەبێ بۆ فێرکردنی منداڵ، ڕۆڵێکی گرنگی هەیە بۆ ئامادەبوونی منداڵان بۆ چوونە قوتابخانە. یەکێك لە ئامانجەکانی (جیهانێکی گونجاو بۆ منداڵان) هاندانی خوێندنی پێشوەختی منداڵانە.**

**تەنیا 23 لە سەدای منداڵانی تەمەن 36–59 مانگی لە قۆناغی خوێندنی پێش قوتابخانەدا دەوام دەکەن. لەم ڕووەوە، جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ناوچە شارەکان ناوچە دێهاتییەکان و پارێزگاکان، 29 لە سەدا لە شارەکان و 6 لە سەدا لە ناوچە دێهاتییەکان تۆمارکراون. پارێزگای هەولێر ڕێژەکەی 34 لە سەدا و سلێمانی 19 لەسەدا و دهۆکیش 12 لەسەدابووە. دەوڵەمەندەکان لەبەربوونی زۆربەی ئەم باخچانە لە کەرتی تایبەت پشکی سەرەکیان بەرکەوتووە بە ڕێژەی 48 لەسەدا و هەژارترین خەڵکیش بە ڕێژەی 14 لەسەدا منداڵەکانیان دەخەنە پرۆگرامی بەر لە قوتابخانە. کەچی هەمان ڕێژە لە ناوچەکانی تری عیراق زۆر کەمترە وبریتیە لە تەنیا 3 لەسەدا.**

هەموو نیشاندەرە سەرەکیەکانی بوار فێرکردن ئاماژەدەرێکی باشن بۆ ڕەوشی خوێندن لە هەرێمی کوردستان. بەراوردکردنی ئەم نیشاندەرانە لەگەڵ ناو چەکانی تری عیراق، دوارۆژێکی ڕووناك پیشانی خەڵکی هەرێم دەکات لەم بوارەدا. بڕوانە شێوەی خوارەوە.




## خوێندنی پێش قوتابخانە وئامادەبوون بۆ چوونە قوتابخانە

**یەکسانی ڕەگەز لە قوتابخانەی سەرەتایی (99)لە سەدایە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کوڕان زیاتر لە کچان لە قوتابخانەی سەرەتایی دەوام دەکەن. ئەم نیشاندەرە بۆ (98) لەسەدا دادەبەزێ لە قوتابخانەی دواناوەندی، کەچی لە ناوچەکانی تری عیراق یەکسانی رەگەزی کەمترە لە قوتابخانەی سەرەتایی و بریتیە لە (90) لە سەدا و زۆر دابەزیووە لە قوتابخانەکانی دواناوەندی بۆ (77) لەسەدا  ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە بەرانبەر هەر 100 کوڕێك، 77 کچ لە قوتابخانەی دواناوەندی دەوام دەکەن. کەچی لە هەرێمی کوردستان بەرامبەر هەر 100 کوڕێك 98 کچ دەوام دەکەن، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هاوتاکردنی هەردوو رەگەز بۆ مافی خوێندن و هەروەها هاتنەکایەی سیستەمی بنەڕەتی لە هەرێمدا. بڕوانە شێوەی خوارەوە.**



## کارکردنی منداڵ

لە مادەی 32ی (جاڕنامەی مافەکانی منداڵ) هاتووە:"وڵاتانی ئەندام دان دەنێن بەوەی کە منداڵ مافی پاراستنی هەیە لە بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی ئابووری و پاراستنی لە بەجێهێنانی هەر کارێك کە ڕەنگە جێگەی مەترسی بێ یان ببێتە ڕێگر بۆ تەواوکردنی خوێندن، یان زیان بە تەندروستی منداڵ بگەیەنێت، یانیش کاریگەری خراپی هەبێ لەسەر گەشەکردنی منداڵ لە ڕووی جەستەیی و هۆشی و گیانی و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەوە". هەروەها یەکێك لە نۆ ستراتیژەکانی (جیهانێکی گونجاو بۆ منداڵان) بریتییە لە نەهێشتنی کارکردنی منداڵ و (ئامانجەکانی پەرەپێدانی هەزارە)ش بانگەوازی پاراستنی منداڵان دەکات دژی بەکارهێنانیان. لە ڕوپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر چەندین پرسیار دانراون بۆ دایکان/ بەخێوکەران لەبارەی هەموو منداڵانی خێزان، ئەوانەی تەمەنیان لە 5-14 ساڵیدایە سەبارەت بە جۆری کارکردنی منداڵ و ماوەی کارکردنی بە کاتژمێر. هەروەها سەبارەت بە چالاکییە ئابوورییەکان و کارکردنی نێوماڵیش زانیاری کۆکراوەتەوە. چالاکییە ئابووریەکان هەموو ئەو کارانە دەگرێتەوە کە بێ بەرانبەر یان بەرانبەر بە پارە ئەنجام دەدرێن بۆ کەسێك، جا ئەو کەسە ئەندام نەبێ لەو خێزانە، یان کارکردنی لە کێڵگە و کارێکی بازرگانی خێزان. کارکردنی نێوماڵ بریتییە لە سووکەئیشی نێوماڵ وەك کۆکردنەوەی داری سووتان، ئاوکێشان، چێشتلێنان، خاوێنکردنەوە، چوونە بەر ئاژەڵان/ مانگا و مەڕوماڵات، یان چاودێریکردنی منداڵان.

لە ڕاوەرگرتنی ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر، کۆمەڵێك پرسیار دانراون لەبارەی کارکردنی منداڵان، واتە ئەوانەی لە تەمەنی 5-14 ساڵیدان و کار دەکەن. ئەو منداڵەی کە لە کاتی سازدانی ڕووپێوەکە لە ماوەی هەفتەی پێشتر یەکێك لەم کارانەی خوارەوەی ئەنجام دابێت:

منداڵانی تەمەن 5-11 ساڵی: ئەگەر بەلای کەمەوە یەك کاتژمێر کارێکی ئابووری کردبێ یان لە هەفتەیەکدا 28 کاتژمێر کاری ماڵەوەی کردبێت.

منداڵانی تەمەن 12-14 ساڵی: ئەگەر بەلای کەمەوە 14 کاتژمێر کاری ئابووری کردبێ یان 28 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاری ماڵەوەی کردبێت.

ئەم پێناسەکردنە جیاوازییەك دادەنێ لە نێوان کارکردنی منداڵ و ئەنجامدانی کاری سەخت بە منداڵ، ئەمەش بۆ ناسینی جۆری ئیشەکەیە بۆ ئەوەی نەهێڵدرێ. بەم شێوەیە، ئەو خەملاندنەی لێرە دانراوە کەمترین خەملاندنە سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی کارکردنی سەخت بە منداڵان چونکە لەوانەیە هەندێك منداڵ کاری زۆر سەخت و مەترسیدار بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك ئەنجام بدەن، بەڵام کەمتر بێ لەو ژمارەیەی لە ڕاوەرگرتنەکەدا دیارکراوە.

بەگشتی لە هەرێمی کوردستان 2 لەسەدا منداڵانی تەمەن 5-14 ساڵ بەهەردوو جۆری کاری ماڵ و کاری ئابووری، منداڵانی نێر زیاتر دووچاری کارکردن دەبنەوە کەوا ڕێژەکەیان 3 لەسەدایە و مێیەکان کەمتر ڕێژەکەیان 2 لەسەدایە، هەروەها هەرسێ پارێزگاکەی هەرێم ڕێژەی جیا جیا تۆماردەکەن کە بەرزترین ڕێژەی کارکردنی منداڵ دەگاتە3.4 لە پارێزگای دهۆك وە بەرێژەی 2 لەسەدا لەپارێزگای هەولێر وە نزمترین ڕێژە پارێزگای سلێمانی یە کە 1.6 لە سەدا تۆمارکردووە، هەژارترین خێزانەکان منداڵەکانیان دووچاری کارکردن دەبنەوە بەرێژەی 4 لەسەدا زۆر زیاترە لە ڕێژەی کارکردنی منداڵی خێزانە دەوڵەمەندەکان کە ڕێژەکەیان نزیکەی 2 لەسەدا. کەچی لە ناوچەکانی تری عیراقەوە ئەم ڕێژەیە بەجۆرێك بەرزترە دەگاتە 7 لەسەدا. هەروەها بڵاوبوونەوەی کرێکاری لە نێوان خوێندکاران لە هەرێمدا تەنها 2 لەسەدایە و لە ناوچەکانی تری عیراق 6 لەسەدایە، کەچی ڕێژەی ئامادەبوونی خوێندکارانی کرێکار لە قوتابخانەکاندا هەرێمی کوردستان زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق کە ڕێژەکەی دەگاتە 76 لەسەدا و کەچی ناوەڕاست و باشووری عیراق تەنها 64 لەسەدا. بڕوانە شێوەی خوارەوە.




## هاوسەرگیری زوو

ژمارەیەکی زۆری کچان پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی 18 ساڵی بە شوو دەدرێن. بەپێی خەمڵاندنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵ (یونیسێف)، لە سەرانسەری جیهاندا زیاتر لە 60 ملیۆن ژنی تەمەن 20–24 ساڵی پێش تەمەنی 18 ساڵی شوویان کردووە.

ئەو فاکتەرانەی کاریگەرییان لەسەر ڕێژەی بە شوودانی منداڵان هەیە بریتین لە: حاڵەتی سیستەمی تۆمارکردنی باری شارستانی کە بەڵگەیەك لەبارەی تەمەنی منداڵ دەخاتە بەردەست، هەبوونی چوارچێوەیەکی یاسایی کە میکانیزمێکی کاریگەری جێبەجێکردن پشتگیری لێ دەکات بۆ ڕەفتارکردن لەگەڵ باری هاوسەرگیری منداڵان، لەگەڵ هەبوونی چەندین داب و نەریتی کۆن و یاسا و ڕێسای ئایینی کە چاوپۆشی لە پیادەکردنی ئەم کارانە دەکەن.

گرنگترین نیشاندەر کە باری ئێستا بخاتە ڕوو ڕەوشی هاوسەرگیری ئافرەتانی تەمەن 15–19 ساڵیە، نزیکەی 10 لەسەدای ئافرەتانی ئەم تەمەنە لە هەرێمی کوردستان ئێستا هاوسەرگیرن ، ئەم ڕێژەیە زۆر بەرزە بۆ ئەو خێزانانەی سەرۆکەکەیان نەخوێندەوارە کە دەگاتە 25 لەسەدا و ئەوانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە 20 لەسەدایە و دواناوەندی و بەسەرەوە تەنها 6 لەسەدایە. هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدی ناکرێ بەپێی پارێزگا و ژینگە ، کەچی هەژارەکان زووتر کچەکانیان بەشوو دەدەن ڕێژەکەیان بریتیە لە 13 لەسەدا و دەوڵەمەندەکانیش دەگاتە نزیکەی 4 لەسەدا. هەموو نیشاندەرەکانی هاوسەرگیری زوو، هەرێمی کوردستان جیاوازدەکاتەوە لە ناوچەکانی تری عیراق. بڕوانە شێوەی خوارەوە.



مەبەست لە توندوتیژی خێزانی ئەو توندوتیژییەیە کە لە نێوان ئەندامانی خێزان، بە تایبەتیش ژن و مێرد ڕوو دەدەن. ئەمەش ئەوکاتە ڕوو دەدات کە یەکێك لە هاوسەرەکان هەوڵ دەدات لە ڕووی جەستەیی یان دەروونییەوە خۆی بەسەر ئەوی تردا بسەپێنێت. توندوتیژی زۆر شێوەی هەیە، لەوانەش: توندوتیژی جەستەیی، خراپ ڕەفتارکردنی سێکسی، خراپ ڕەفتارکردن بە هەست و سۆز، ترساندن، بێبەشکردنی دارایی و هەڕەشەکردن. لەو وڵاتانەی کە نایەکسانییەکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزی نێر و مێدا، ژنان بە زۆری لە لایەن مێردەکانیان و ئەندامانی دیکەی خێزان دەکەونە بەر ئەم جۆرە توندوتیژییانە.

بۆ بەدەستهێنانی خەمڵاندنی ئەوەی کە ژنان بە ڕەفتاری سروشتی دادەنێن سەبارەت بە توندوتیژی خێزانی، ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر–خولی چوارەم (MICS-4) هەستاوە بە کۆکردنەوەی زانیاری لەو ژنانە بە مەبەستی زانینی هەڵوێست و بۆچوونیان دەربارەی توندوتیژی خێزانی ئەویش لە ڕێگەی دانانی کۆمەڵێك پرسیار. ئەمەش یارمەتیمان دەدات بۆ گفتوگۆیەکی کراوە و زانینی ئاستی پێشکەوتنەکانی پرۆگرام لەبارەی ئەم گیروگرفتەدا.

لە میانی ڕووپێوی هێشوویی فرە نیشاندەر– خولی چوارەم (MICS-4)چەند پرسیارێك ئاراستەی ژنانی تەمەن 15–49 ساڵی کراون بۆ مەبەستی خەمڵاندنی هەڵوێست و بۆچونەکانیان بەرانبەر بەوەی ئاخۆ مێرد چ پاکانە و بیانوویەکی هەیە بۆ لێدانی ژنەکانیان. ئەم پرسیارانەش ئاراستەکراون بە مەبەستی دەستنیشانکردنی بۆچوونە کەلتوورییەکان لە هەندێك وڵاتدا کە توندوتیژی دژ بە ژنان لە لایەن مێردەکانیانەوە پەیڕەو دەکرێ. لێرەدا گریمانەی سەرەکی ئەوەیە کە ژنان لەسەر ئەوە کۆکن کە دەڵێن مێردەکانیان بۆیان هەیە لێیان بدەن لە هەندێك بارودۆخدا. ئەنجامەکان ڕێژەی سەدی ژنانی تەمەن 15–49 ساڵی دەخەنەڕوو، ئەوانەی بڕوایان وایە کە مێردەکانیان مافی ئەوەیان هەیە لە ژنەکانیان بدەن لە کاتی: ئەگەر ژن بە بێ پرسی مێرد بچێتە دەرەوە، ئەگەر ژن منداڵەکانی پشتگوێ بخا، کاتێ ژن دەمەقاڵێ لەگەڵ مێردەکەی بکات، ئەگەر ژن کرداری جووتبوون لەگەڵ مێردەکەی ڕەت بکاتەوە، یان ئەگەر ژن چێشت و شیو بسووتێنێ. نیشاندەری خەمڵاندنی هەڵوێست و بۆچوون بەرانبەر بە توندوتیژی خێزانی ڕێژەی سەدی ژنانی تەمەن 15–49 ساڵی نیشان دەدات لەو ژنانەی بڕوایان وایە مێرد لە کاتی هەبوونی یەکێك لەو هۆیانەی باسکران، بۆی هەیە لە ژنەکەی بدات.

هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی ناوە لەم بارەیەوە کەچی دەرەنجامەکانی MICS4 ئەوە ناخاتەڕوو لەبەرئەوەی تا ئێستا خودی ئافرەتان بیروباوەڕیان وایە توندو تیژی چارەسەرە بۆ کێشەکانیان، بەگشتی 25 لەسەدای ئافرەتانی تەمەن (15–49) پێیان وایە مافی لێدانی ئافرەت لەلایەن پیاوەکەی ڕەوایە، لەمانە بەرزترین ڕێژەی هۆکار "ئەگەر هاتوو نهێنیەکانی مێردە نەپاراست" بە 24 لەسەدا، هەروەها چوونە دەرەوە و دەنگەدەنگ و ڕەتکردنەوەی خەوتن لەگەڵ مێرد هەریەکەیان بەرێژەکانی نزیکەی 15 لەسەدا و 15 لەسەدا خۆیان دەردەخەن هەروەها ئەم ڕێژەیە بە پێی تەمەن دەگۆڕێت، ئافرەتانی تەمەن گەورەکان بە تایبەتی لەتەمەنی 45–49 ساڵی زیاتر دووچاری ئەم کێشەیە دەبنەوە بەرێژەی 30 لەسەدا ، وە ناوچە دێهاتیەکان ڕێژەی بەرزتر تۆمار دەکەن کە بریتی یە لە 39 لەسەدا بە بەراورد لەگەڵ شارنشینەکان کە ڕێژەکەی بریتی یە لە 22 لەسەدا. خوێندەواری ڕۆڵی خوی دەبینێت لەم بابەتە ئەوانەی خوێندەواریان نیە ڕێژەکەیان دەگاتە 39 لەسەدا وە ئەوانەی بڕوانامەی سەرەتاییان هەیە بەرێژەی 29 لەسەدا وە ئەوانەی بڕوانامەی دواناوەندی و بەسەرەوەیان هەیە 16 لەسەدا تۆمار دەکەن.

بەڵام بەراوردکردنی ئەم نیشاندەرە لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراق جیاوازییەکی زۆر دەخاتەڕوو، دەکرێ ئاماژە بەوە بکەین هەرێمی کوردستان بە چەند قۆناغێك لە پێش ناوچەکانی تری عیراقە. بڕوانە شێوەی خوارەوە.



## شێواندنی یاخود بڕینی بەشێك لە کۆئەندامی زاوزێی مێینە (خەتەنەکردنی مێیەکان).

**شێواندنی یاخود بڕینی بەشێك لە کۆئەندامی زاوزێی مێیەکان بریتیە لە لابردنی بەشێك یان بەتەواوی ئەندامی دەرەوەی زاوزێی مێینە یە باخود شێواندن و زەرەر پێگەیاندنیەتی. خەتەنەکردنی مێیەکان بەبەردەوامی هۆکاری شۆك و کەمتوانایی بەدواوە دێت کە ئازارێکی زۆری دەبێت. هەروەها هۆکارێکە و گیربوونەوە میز و ئازارگەیاندنی ئەندامەکانی تری زاوزیٚ و چواردەورەی ناوچەی خەتەنەکراو. هەروەها یەکێکە لە هۆکارەکانی پیسبوونی خوێن "septicaemia" و نەمانی پیتاندن. خەتەنەکردنی مێیەکان پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، لەکاتی نەبوونی هیچ پێویستیەکی تەندروستی بۆ ئەم کردارە.**

**هەرێمی کوردستان نالاٚندوویەتی و بەردەوامە بەدەست ئەم دیاردەیە کەوا دەردەکەویٚ دیاردەکی کۆمەلاٚیەتی و نەریتێك بێت لە ناو کوردەکان بەتایبەتی. ئەوەی جێگای خۆشحالٚیە ئافرەتە تەمەن بچووکەکان کەوا ڕێژەی دوارۆژی ئەم بابەتە پێکدەهێنن ڕێژەی خەتەنەکردنیان تێدا بەرەو کەمبوونەوە دەچێت بەبەراورد لەگەلٚ ئافرەتە تەمەن گەورەکان. هەولێر بەرێژەی 57.5 لەسەدا و سلێمانی بەرێژەی 54.3 لەسەدا نزیکەی 98 لەسەدا رێژەی خەتەنە کردنی مێینەکانی کوردستان پێدەهێنن کە رێژەی گشتی هەرێم بۆ خەتەنەکردنی مێیەکان دەگاتە 43 لەسەدا، لەبەرئەوەی پارێزگای دهۆك رێژەکەی تەنها 2 لەسەدایە. جیاوازی لە نێوان شارنشینەکان و گوندنشینەکاندا بەدی دەکرێت لەشارنشینەکان بە ڕێژەی 43 لەسەدا و لە ناوچە گوند نیشینەکانیش 42 لەسەدا تۆمار دەکات، بەلاٚم جیاوازی هەیە لە نێوان بی بڕوانامەکان کە دەگاتە 55 لەسەدا و ئەوانەی خاوەن بڕوانامەی داواناوەندی و بەسەرەوەیان هەیە بریتیە لە 33 لەسەدا، دەولٚەمەندی کاریگەری هەیە لەسەر چاکبوونەوەی ئەم رێژەیە چونکە هەژارەکان رێژەی ئافرەتانی خەتەنەکراو تێیاندا زۆر بەرزترە کە دەگاتە 57 لەسەدا و هەرە دەولٚەمەندەکانیش دەگەنە 26 لەسەدا. ئەوەی جێگای باسە ئافرەتانی گەنج کەمتر ئێستا دووچاری ئەم کردارە دەبنەوە رێژەکانیان دەگاتە 29 لەسەدا لەتەمەنی 15–19 سالٚی وکەچی ئافرەتانی تەمەن 44–49 بەرزترین رێژەیان هەیە دەگاتە 55 لەسەدا. ئەمانە ئەوەدەگەیەنیٚ نەریت فشاری زۆری هەبووە بۆ ئەم دیاردەیە.**

**ناوچەکانی تری عیراق ئەم دیاردەیەیان لەناودا زۆر کەمە تەنها پارێزگای کەرکوك نەبێت نزیکەی 20 لەسەدا رێژەکەیەتی. بڕوانە شێوەی خوارەوە.**



## زانیاری دەربارەی گواستنەوەی ڤایرۆسی HIV

لە هەرێمی کوردستاندا ، نزیکەی 68 لەسەدای ژنانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە گوێبیستی ڤایرۆسی HIV/ نەخۆشی ئایدز بووە. بەڵام ڕێژەی ئەو ژنانەی زانیاری گشتگیر و تەواویان بۆ خۆپاراستن لە گواستنەوەی ڤایرۆسی HIV دەزانن تەنیا 3 لە سەدایە. زانیاری تەواو دەربارەی HIV/AIDS ئاستی بروانامە دیاری دەکات بۆ نمونە بە ڕێژەی 87 لەسەدا ژنان کەگوێبیستی HIV/AIDS بوون هەڵگری بڕوانامەی دواناوەدی و بەسەرەوەن ،کەچی بێبروانامەکان تەنها 43 لەسەدای ئەو ئافرەتانەن گوێبیستی ئەم بابەتە بوون . هەروەها ژنانی هەولێر لەبەر ئاستی خوێندەواریان زۆرتر گوێبیستی ئەم بابەتانە بوون بە ڕێژەی 74 لەسەدا و سلێمانی 73 لەسەدا و دهۆکیش 51 لەسەدا.

گواستنەوەی HIV/AIDS لەدایکەوە بۆ منداڵەکەی یەکێکە لە گرنگترین زانیاری بۆ ڕێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی لە نێوان منداڵان و مانەوەی لە نەوەکان. بەگشتی تەنها 56 لەسەدای ئافرەتان دەزانن ئەم ڤایرۆسە دەگوازرێتەوە لەدایکەوە بۆ منداڵ، بەڵام ڕێگاکانی گواستنەوە بەتەواوی نازنن تەنها 34 لەسەدایان ئەم هۆکارانە دەزانن ، کە 51 لەسەدا پێیان وایە لەکاتی بوونی منداڵ لەناوسکی دایك ، هەروەها 42 لەسەدا پێیان وایە لەکاتی لەدایکبووندا دەگوازرێتەوە و کەچی 44 لەسەدا لەکاتی شیرپێدانی سروشتی دایك بۆ منداڵ HIV دەگوازرێتەوە.

لەکاتی پرسیارکردن دەربارەی شوێنەکانی پشکنین بۆ HIV/AIDS، دەرکەوت بەگشتی تەنها 4 لەسەدای ئافرەتان شوێنێك پێدەزانن بۆ پشکنین و تەنها 1 ئافرەت لە ناو 250 ئافرەت دەزانێت پشکنینی بۆکراوە و دەرەنجامەکەی پێ گوتراوە واتە (0.3لەسەدا). هەموو پارێزگاکانی هەرێم هەمان ڕێژەیان هەیە ئەوەی تۆزێك زیاتر خەڵکی ئاشنا کردۆتەوە دەربارەی AIDS پارێزگای دهۆکە کە ڕێژەی زانینی شوێنی پشکنین دەگاتە 4.5 لەسەدا.

پێناچێت جیاوازییەکی ئەوتۆ هەبێت لە نێوان هەرێم و ناوچەکانی تری عێراقەوە لەبارەی نیشاندەرەکانی ئایدزەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پابەندبوونی پلانی نیشتمانی بۆ ئەم بابەتە. بڕوان شێوەی داهاتوو.



## منداڵانی بێ سەرپەرشتیار ( بێ دایك یان بێ باوك)

مەبەست لە بێ سەرپەرشتیار ئەو منداڵەیە کە باوکی یان دایکی مردبێت. بەهۆی زیادبوونی توندوتیژی و شەڕ و ئاوارەبوون لە عێراقدا، ڕێژەی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار لە زیادبووندایە. منداڵانی بێ سەرپەرشتیار یان ئەوانەی لە دووری دایك و باوکیان دەژین لەوانەیە زیاتر دووچاری مەترسی پشتگوێخستن و بەکارهێنان ببنەوە چونکە دایك و باوکی خۆیان نییە تا یارمەتیان بدەن و پارێزگاریان لێ بکەن. بە بەراوردکردنی گۆڕانەکان لە نێوان ئەنجامە جیاوازەکانی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار و لەگەڵ هاوتاکانیان، ڕادەی بە دەنگەوە هاتنی کۆمەڵگە و حکومەتەکان بۆ پێداویستییەکانی ئەم منداڵانەمان بۆ دەردەکەوێت.

ڕێژەی ئەو منداڵانەی کەوا لەگەڵ دایك وباوکانی بایۆلۆجی خۆیان ناژین یەکجار کەمە ئەمەش جێگای خۆشحاڵیە و تەنها 1 لەسەدای منداڵانی تەمەن 0-17 ساڵ لەگەڵ دایکان وباوکانی بایۆلۆجی خۆیان ناژین و منداڵانی هەژارەکان بە ڕێژەی 1 لەسەدایە، هەروەها بەگشتی تەنها 5 لەسەدای منداڵانی کوردستان تەمەن 0-17 ساڵ بێ سەرپەرشتیارن واتە یەکێك لە دایك یان باوکی نەماوە یاخود هەردووکیان، ئەم ڕێژەیە لەنێو هەژارەکان بەرزە وەکو سروشتی خۆی دەگاتە 5 لەسەدا و کەچی دەوڵەمەندەکان بە ڕێژەی 3 لەسەدایە، شارنشینەکان ڕێژەی منداڵانی بێ سەرپەرشتیاریان کەمترە کە بریتیە لە 4 لەسەداو وەکو ئەوەی لە گوندنشینەکان کە دەگاتە 5 لەسەدا، سلێمانی منداڵی بێ سەرپەرشتیاری زیاتری لەخۆگرتووە بە ڕێژەی 6 لەسەدا و کەچی هەولێر و دهۆك ڕێژەی یەکسان تۆماردەکەن کە بریتی یە لە 4 لەسەدا. ڕەگەزی نێر لەم بارەیەوە نزیکەی 5 لەسەدا تۆمار دەکات و ڕەگەزی مێ 4 لەسەدا. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە منداڵانی تەمەن بچووکەکان 0-4 ساڵی ڕێژەی بێ سەرپەرشتیاریان زۆر کەمە دەگاتە تەنها 1 لەسەدا، کەچی ئەم ڕێژەیە لەگەڵ تەمەنیان بەرزدەبێتە تادەگاتە 12 لەسەدا بۆ منداڵانی تەمەن 15-17 ساڵ. ئەمە نیشاندەری ڕزگاربوونی هەرێمە لە منداڵانی بێ سەرپەرشتیار.

هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی تری عێراق لەگەڵ ئەوەی ڕەوشەکانیان بەگشتی زۆر جیاوازە کەچی لەبواری بڵاوبوونەوەی بێ سەرپەرشتیاری لەیەك ئاستدا، بەڵام دەوامکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشتیار زۆر جیاوازی هەیە لە نێوان هەردوو ناوچەدا. بڕوانە شێوەی خوارەوە.

